# گەشتی ئەوین



**ئەڵماس مستەفا**

کە زیز ئەبی
ئیتر ژنێتیم
ئەشێوێ،
پڕ ئەبم لە نامۆیی و
بەختەوەریی لێم ئەتۆرێ.
چون ئەزانم جگە لە تۆ،
کەسێک نییە!
ئاوازی عەشق و
ماچی تامەزرۆیی لێوەکانم
بژەنێ.
کە زیز ئەبی
هیچ هێزێکم
پێ نامێنێ!
بی بەخشم بە تەمەن،
خۆشەویستیش
گوێم بۆ ناگرێ،
تەنها هیوایە!
بە توولەڕێیەکی باریکدا
رێم لەگەڵ ئەبرێ..

سوێد